https://www.doi.org/10.31918/twejer. 2361.19

e-ISSN (2617-0752)        p-ISSN (2617-0744)

# شوێنەواری سرێشمە و گەنجینەی سکە سلوکییەکانی

عبدالوهاب سلێمان

ب. شوێنەواری سۆران

پ. ی. د. دلشاد عزیز مارف

زانکۆی سلێمانی

Dlshad.marf@univsul.edu.iq

**پوختە:**

سرێشمە گوندێکە دەکەوێتە باکووری ناحیەی خەلیفانی سەربە قەزای سۆران، سرێشمە هەڵکەوتەیەکی جوگرافیی گرنگی هەبووە، بە چەندین دەربەندەوە بەسترابووە و، و کاروانە بازرگانییەکانی پێدا تێدەپەڕین و دەربەندەکانی گەلی عەلی بەگ و دۆڵی ئالانە و سپیلکی پێکەوە دەبەستەوە.

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر دۆزینەوەی گەنجینەی سکە سلوکییەکانی سرێشمە، هەوڵدەدەت وەڵامی چەند پرسێکی توێژینەوەیی دەربارەی ئەم گەنجینەیە بداتەوە، و تێیدا وردەکاریی دۆزینەوەی ئەم گەنجینەیە، مێژووی ئەم سکە سلوکییانە، و ژمارەی ئەو پاشا سلوکییانەی کە سکەکانیان لەم گەنجینەیەدا دۆزراوەتەوە، جۆری مادە و پێکهاتەی سکەکان، پەیوەستکردنەوەی بەجێهێشتنی ئەم گەنجینەیە لەنێو ئەم دەربەندانەی سرێشمەدا بە ڕووداوە مێژووییەکانی کۆتایی دەوڵەتی سلوکییەوە، و گرنگیی ئەم گەنجینەیە بۆ توێژینەوەکانی سکەناسی سلوکی و بارودۆخی سیاسی و ئابووریی سلوکییەکان لە زاگرۆس و مێسۆپۆتامیا گفتوگۆیان دەکرێت و دەخرێنەڕوو، و ئەنجامەکانی کنەوپشکنین و ڕووپێوییەکانی دەوروبەری سرێشمەش گفتوگۆ دەکرێن.

**وشە کلیلییەکان:** سرێشمە، گەنجینە، سکە سلوکییەکان، تیتڕا دراخما.

## شوێنەواری سریشمە و گەنجینەی سکە سلوکییەکانی

### پێشەکی

هەڵکەوتەی جوگرافیی سریشمە ڕۆڵێکی گرنگی مێژوویی و شارستانی بە سریشمە و دەوروبەری بەخشیوە. ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتە سەر گەنجینەی سکە دۆزراوەکانی سریشمە، و لە چەند تەوەرێکدا باس لە هەڵکەوتەی جوگرافیی ناوچەکە و گرنگیی جیۆسیاسی و ئابوورییەکەی دەکەین، و  مێژووی کنەوپشکنینە شوێنەوارییەکان لە ناوچەکەدا، گەنجینەکانی پێشووی سریشمە و گەنجینەکەی ئێستا و وردەکارییەکانی دۆزینەوەیان، کنەوپشکنینەکان لە گەنجینەکەی سریشمە و دەوروبەری. پاشماوەی تەلارسازی دۆزراوە لەگەڵ گەنجینەکەی سریشمە و گلێنە دۆزراوەکان لە گەنجینەکەی سریشمەدا. و ساغکردنەوەی مێژووی سکەکان و پاشاکانیان و ژمارەیان.

### جوگرافیای ناوچەی توێژینەوە و گرنگیی جیۆسیاسی و ئابووری و دەربەندەکانی:

ناوچە چیاییەکانی خۆرهەڵاتی هەولێر تا دۆڵ و دەشتەکانی دەروبەری دیانا و ڕواندز بە چەند زنجیرە چیایەک لەیەکتر جیاکراونەتەوە، هەرچەندە زنجیرە چیاکان وەک شوورەیەکی سروشتی بەردین ئەم دۆڵ و دەشتانە لێکدادەبڕن، بەڵام دەربەندەکانی زنجیرە چیاکان وەک دروازەیەک وابوون کە کاروانە بازرگانییەکان، لەشکرکێشییە سەربازییەکان، هاتوچۆی هاوڵاتی و شوان و جوتیاران پێیاندا تێدەپەڕین (دەڕواندرێتە نەخشەی ژمارە١).




نەخشەی ژمارە ١: هەڵکەوتەی جوگرافی و تۆپۆگرافیی سرێشمە و دەربەند و دۆڵ و ڕووبارەکانی دەروبەری. (ئامادەکردنی: توێژەران).

## پێشینەی مێژوویی ناوچەکە

دەربەندەکانی نێوان دەشتی هەریر-ڕواندز و دیانا بووبوونە ڕێگەی سەرەکیی کاروانە بازرگانییەکان هەر لە کۆتایی چاخەکانی پێش مێژووەوە (مالوان ٢٠٠١، ١٨)، و لە سەردەمە مێژووییەکانیشدا لە دەقە مێخییەکاندا بە ڕوونی باسی ئەم دەربەندانە کراون، بە تایبەت دەربەندەکانی چیاکانی وڵاتی کیرورڕی لە نووسینە مێخییەکانی سەردەمی ئاشووریی نوێدا (Saggs, (1980), pp.79-83;حنون، ٢٠٠٩، ٢٤٩-٢٥٨، RIMA II: Tukultî-Ninurta II A.0.100.6, p.180; Levine, (1973), p.14, fig.3)). هەروەها ئەم دەربەندانە گرنگیی خۆیان هەبوو لە سەردەمەکانی دواتردا، بەداخەوە وردەکارییەکی ئەوتۆ لەبەردەستدانییە لەو سەردەمەی ئەم ناوچەیە کەوتە ژێر فەرمانڕەوایی ئیمپڕاتۆریەتی میدیا (٦١٢-٥٥٠پ. ز.)دا، و لەدواییشدا کاتێک کە ناوچەکە کەوتە ژێر دەسەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی هاخامەنشی لە دەوروبەری ٥٤٧پ. ز.دا پاشای

هاخامەنشی، کۆرشی دووەم بە نزیک ئەربێلادا تێپەڕی و ڕوویکردە ناوچەکانی خۆرئاوای هەولێر و لەوێوە بە ڕۆخی ڕووباری دیجلەدا سەرکەوت بۆ وڵاتی ئوراڕتو (Crompton, 2008, p.51)، لەبەرئەوە هیچ وردەکارییەک لەبەردەستدا نییە دەربارەی ئەم دەربەندانە، تەنها ئەوە نەبێت دەکرێت بڵێین لەساڵی ٥٤٧پ. ز.ەوە ئەم ناوچەیە بە فەرمی لەژێر فەرمانڕەوایی هاخامەنشییەکاندا بوو (غەفوری، ٢٠٢١، ١٠٢)، هەتا ساڵی ٥٢٢پ. ز. کاتێک کە میدییەکان دژی هاخامەنشییەکان ڕاپەڕین، ئەوەبوو بۆ ماوەی نزیکەی ساڵێک ئەم ناوچەیە کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی چیتران-تەخمای نەوەی کەیخوسرەو، لە شاری ئەربیرا/ هەربیرا(هەولێر)دا ڕاپەڕی و ناوچەکەی لە دەسەڵاتی هاخامەنشییەکان سەندەوە. هاخامەنشییەکان لە دوای دووبارە داگیرکردنەوەی ئەرمینیا، هێرشیان بەرەو شاری هەولێریش هێنا، نازاندرێت داخۆ ئەم هێرش و لەشکرکێشییە تەنها لە ڕێگەی کرماشان-زەهاو-گەرمیان-ئاراپخا-پەڕینەوە لە زێی بچووک بەرەو دەشتی هەولێر بووە، یان لە ئەرمینیاوە سوپایەکی هاخامەنشییەکانیش لەگەڵ سەربازە بەکرێگیراوە میدییەکان بەم دەربەندانەی دەوروبەری سرێشمەدا هاتوونەتە خوارێ و لە ساڵی ٥٢١ پ. ز.دا، پەلاماری شاری ئەربێلایان داوە، و ڕاپەڕینەکەیان دامرکاندۆتەوە (الهاشمي و الاحمد، ١٩٨٣، ١٠٥؛ غەفوری، ٢٠٢١، ١١٠). دۆزینەوەی پەیکەری یەکێک لە میرەکان/سەرۆکهۆزەکان لە گوندی مجێسەری نزیک سیدەکان/برادۆست بە جلوبەرگێکی هاوشێوەی ئەو جلوبەرگەی چیتران-تەخمای نەوەی کەیخوسرەو لە نەخشی بێستووندا لە چیای بێستوونی ڕۆژئاوای کرماشان لەبەریکردووە و بە کۆتکراوی لەگەڵ سەرکردە ڕاپەڕیوەکان بەرانبەر داریوش دەرکەوتووە، ئەمە بەڵگەیە بۆ ئەوەی ئەم ناوچەیە سەرەڕێگەیەکی گرنگ بووە و میدییەکان تا دامرکاندنەوەی ئەم ڕاپەڕینەش تێیدا باڵادەستبوون (Marf, (2016), pp.193-194).

له ١ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٣٣١پ. ز.دا، سوپای داریوشی سێیەمی ئیمپڕاتۆری هاخامەنشی لەگەڵ ئەسکەندەری مەکدۆنی له شەڕی ئەربێلا(گەوگەمێلا)دا شکا، بەشێک له مێژوونووسان پێیانوایه داریوش له هەمان ڕۆژدا بۆ شاری ئەربێلا (هەولێر) کشاوەتەوه و بۆ ڕۆژی دواتر (٢ی ئۆکتۆبەر) له دەربەندەکانی خۆرهەڵاتی هەولێردا تێپەڕیوه و خۆی له بەدیلگرتن ڕزگارکردووه و بەرەو ئەگباتانا (هەمەدان)ی کۆنه پایتەختی میدییەکان ڕۆیشتووه (باقر، ٢٠١٢، 652).

بەم شێوەیه ناوچەکه له دوای ٢ی ئۆکتۆبەر کەوتووەته دەست سوپای ئەسکەندەر، و له دوای مردنی ئەسکەندەریش له ٣٢٣پ. ز. سەرکردەکانی سوپاکەی ئەسکەندەر بۆ ماوەی زیاتر له ١٠ ساڵ له کێشمەکێشمی به میراتگرتنی تەختەکەی ئەسکەندەردابوون، و ئەوەبوو له ساڵی ٣١٢پ. ز.دا سلوکسی سەرکردەی سوپای ئەسکەندەر توانی بەشێکی گەورەی خۆرهەڵاتی ئیمپڕاتۆرییەتەکەی ئەسکەندەر له کەناراوەکانی دەریای ناوەڕاستەوه، هەتا خۆرهەڵاتی خوراسان و ڕۆژئاوای دۆڵی سیند بخاته سنووری قەڵەمڕەویی دەسەڵاتی خۆی و ئیمپڕاتۆریەتی سلوکی دامەزراند، و له بەرانبەردا بەتلیمۆسی یەکەم، سەرکردەیەکی تری سوپاکەی ئەسکەندەربوو دەوڵەتی بەتڵیمۆسی له میسر و بەشێک له فەلەستین دامەزراند (Grainger, 2021, pp.28-51; Hoover, 2007,1-2). بەم شێوەیه ناوچەکانی نێوان هەولێر و ئەترۆپاتێن کەوتنه ناو جەرگەی ئیمپڕاتۆریەتی سلوکییەوه، و ناوچەی سریشمه و شاخەکانی خۆرهەڵاتی هەولێر کەوتبوونه سنووری ساتراپی (ویلایەتی) میدیاوه، و هاوسنوربوون لەگەڵ ساتراپی(والی/فەرمانڕەوای هەرێمی) بابیلۆنیا (وڵاتی بابل لەم کاتەدا باشوور و ناوەڕاستی مێسۆپۆتامیای دەگرتەوه (Grainger, 2021, map.1؛ Thonemann, 2015, 25-42).

هەرچەندە پارتەکان/ئەشکانییەکان توانییان لە خوڕاسانەوە دەوڵەتێکی بەهێز دروستبکەن، و بەشێکی زۆری خۆرهەڵاتی ئیمپڕاتۆریەتی سلوکی لە ٢٤٨پ. ز. لە ژێر دەسەڵاتی سلوکییەکان دەربهێنن، بەڵام سلوکییەکان هەتا دەوروبەری ساڵی ١٣٨پ. ز. ناوچەکانی هەولێر و دەربەندە شاخاوییەکانی دەوروبەریان بەدەستەوەبوو، و ئەوەبوو لە ١٣٨پ. ز.دا ئەشکانییەکان هێرشێکی فراوانیان کردە سەر سلوکییەکان و شاری سلوکییەی پایتەختیان (شوێنەوارەکەی دەکەوێتە تەل عومەر لە باشووری بەغدادی ئێستا) لە ناوەڕاستی مێسۆپۆتامیا و خۆرهەڵاتی دیجلە لەلایەن ئەشکانییەکانەوە گیرا، و بەم شێوەیە ناوچەی هەولێر و دەربەندەکانی ناوچە چیاییەکانی خۆرهەڵاتی هەولێر، و ناوچەی سرێشمە و دەروبەری کەوتە ژێر قەڵەمڕەویی ئیمپڕاتۆرییەتی ئەشکانی (باقر، ٢٠١٢، ٦٦٣؛ Leo Overtoom, Nikolaus, 2020, map.6). و لەوانەیە یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەبووێت ئەم ڕووداوانەدا، بووبنە هۆکاری ئەوەی لەبەر شپرزیی باردۆخەکە، و بەرەوپێشچوونە سیاسی و سەربازییەکان لە ناوچەکە و ڕووخانی خێرای دەوڵەتی سەلوکی لە ناوچەکە، ئەم گەنجینەیە لە سرێشمە شاردرابێتەوە، و ئەوانەی شاردوویانەتەوە نەیانتوانیوە بگەڕێنەوە بۆ ئەو شوێنە و سکەکان دەربهێننەوە، و بەم شێوەیە بۆ ماوەی زیاتر لە دوو هەزار و سەد و پەنجا ساڵ ئەم سکانە لەو شوێنەدا مانەوە، و پاشان لە ساڵی ٢٠٢١دا بە ڕێکەوت دۆزرانەوە. (دەڕواندرێتە خشتەی ژمارە ١).

**خشتەی ژمارە ١: لیستی ناوی ئەو پاشای سلوکییانەی کە لە گەنجینەکەی سریێشمەدا سکەکانیان دۆزراوەتەوە**

| ژ. | ناوی پاشا سلوکییەکان |
|---|---|
| ١ | ئەسکەندەری گەورە (٣٣٦-٣٢٣پ. ز.). |
| ٢ | لیسیماخۆس (٣٠٥-٢٨١پ.ز.) |
| ٣ | ڤلیتاریۆس (٢٨١—٢٦٣پ.ز.). |
| ٤ | ئەنتیوخسی سێیەم (٢٢٣—١٨٧پ.ز.). |
| ٥ | سلوقسی چوارەم (١٧٥—١٨٧پ.ز.). |
| ٦ | ئەنتیوخسی چوارەم ناسراو بە ئێپیڤانێس (١٧٥-١٦٤پ.ز.). |
| ٧ | ئەنتیوخسی پێنجەم ناسراو بە ئیۆپاتۆر (١٦٤-١٦٢پ.ز.). |
| ٨ | دیمیتریوسی یەکەم لەگەڵ لەقەبی سۆتەر (١٦٢-١٥٠پ.ز). |
| ٩ | دیمیتریوسی یەکەم (١٦٢—١٥٠پ.ز). |

## هەڵکەوتەی گوندی سرێشمە و شوێنەوارەکانی:

گوندی سرێشمە یەکێکە لە گەورەترین لادێکانی سنووری ناحیەی خەلیفانی سەر بە قەزای سۆران و پارێزگاری هەولێر لە باشووری کوردستان، ئەم گوندە دەکەوێتە باکووری ناحیەی خەلیفان و ڕۆژئاوای قەزای سۆران. سرێشمە هەڵکەوتەیەکی جوگرافی و ستراتیجیی زۆر گرنگی هەبووە و هەیە، چونکە شوێنێکی بەرزی هەیە و دەورەدراوە بە دۆڵ و دەربەندەکانی دەوروبەری، لە ڕۆژهەڵاتیەوە کراوەیە بەسەر گەلی چناراندا، ئەم گەلییە دەکەوێتە بەشی خۆرئاوای گەلی عەلی بەگ، لە سەردەمە کۆنەکان، و سەدەی ڕابردوودا زۆربەی کاروانە بازرگانییەکان لە ناوچەکانی ئازەربایجان(ئەترۆپاتێنێ)ی دێرین، و دەشتەکانی دەرووربەری دەریاچەی ورمێ و هەکاری و برادۆست و چۆمان و ڕواندزەوە بەرەوە هەولێر دەهاتن، لە زارگەلییەوە دەهاتنە ناو دەربەندی گەلی عەلی بەگ، و پاشان لە گەلیی چنارانەوە ڕوویان دەکردە دەربەندەکانی سرێشمە، و لەوێوە بە دەشتی هەریر و زرارەتی یان دەربەندی کۆڕێدا بۆ هەولێر یاخود لە دوای سپیلک تێدەپەڕین بەسەر پردی قەندیل لەسەر ڕووباری زێی سەروو بەرەو نەینەوا(موسڵ) بەڕێدەکەوتن (بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی ئەم ڕێگەیە لە سەردەمە جیاوازەکاندا دەڕواندرێتە: القلقشندي، ١٩١٩، ج٤، ٣٧٥؛ گەلالێ و زاموا، (٢٠١٨)، ١٤٩).

جێی ئاماژەیە، ناوچەی سرێشمە جگە لەوەی بە چەندین سەرچاوەی ئاوی کانی بەناوبانگە، و ئەمەش لە ڕابردوودا گرنگییەکی گەورەی پێدابوو، و زۆربەی کاروانە بازرگانییەکان لە سرێشمە و دەوروبەری پشوویەکیان دەدا، هەروەها ڕووبارەکانی خەلیفان، باڵەکایەتی و چەمی خەلان بە دەوروبەری ئەم ناوچەیەدا دەسوڕێنەوە، و لەلای ڕۆژئاوایەوە دەڕژێننە ڕووباری زێی گەورەوە، ئەمەش وایکردووە ناوچەی سرێشمە

وەک نیوە دوورگەیەک وابێت، هەم بە ڕووبار و دۆڵی سەخت دەورەبدرێت، و هەم چیا و بەرزاییەکانی دەوروبەری سرێشمە ببنە شوورەیەکی سروشتی، و بەم شێوەیە دەربەندەکانی دەوروبەری سرێشمە بوونە ڕێگەی سەرەکیی بەستنەوە و گەیاندنی دەشت و دۆڵەکانی باکووری مێسۆپۆتامیا بە تایبەت دەشتەکانی هەولێر (ئەربائیل) و موسڵ (نەینەوا) بە دەشت و دۆڵەکانی قوڵایی زاگرۆس هەتا ئازەربایجان (ئەترۆپاتێنێ) (الحموي، ١٩٧٧، ج٢، ص٤٥).

بوونی ئەم دەربەندانە لە دەروبەری سرێشمە، هەڵکەوتەیەکی جوگرافی و سیاسی و ئابووریی گرنگی پێبەخشیبوو، چونکە سرێشمە ببووە سەرەڕێگەی کاروانە بازرگانییەکان، ئەمە جگە لەوەیە لە کاتی ئاشتی و سەقامگیریدا ئەم ناوچەیە بووەتە مۆڵگەی خان و کاروانسەرای بازرگانان، بەڵام لەکاتی پشێوی و لاوازبوونی دەسەڵاتی دەوڵەت و میرنشینەکاندا دەربەندەکانی دەوروبەر و سەر ڕێگەی سرێشمە بوونەتە پەناگە و مەڵاسگەی چەتەکان بۆ ڕاوڕووتی کاروانە بازرگانییەکان و هاتوچۆکاران. (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە ١).



وێنەی ژمارە١: دیمەنی شوێنەوارەکە و سروشتی دەوروبەرەکەی. (فۆتۆ: توێژەر).

**خوێندنەوەیەک بۆ توێژینەوەکانی پێشوو، کنەوپشکنین و ڕووپێوییەکان و ڕۆڵیان لە نووسینەوەی مێژووی ناوچەی توێژینەوەکە و دەوروبەریدا:**

ژیانی مرۆڤ و شارستانیەتی لەم ناوچەیەدا هەر لە چاخە بەردینەکانەوە دەستیپێکردووە، بوونی ئەشکەوتی شانەدەر و بابخالان و هاودیان و بەستوون و دیان لە چیای برادۆست سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، بە درێژایی چاخە بەردینەکان مرۆڤ لەم ناوچەیەدا ژیاون (Braidwood, et al., 1983, pp.19, 114, fig.2a). لە خۆرهەڵاتی زێی گەورە و ڕۆژئاوای سرێشمە، و ئەشکەوتی پڵنگ لە گەلیی چناران یەکێکە لە نزیکترین شوێنەوارەکان لە سرێشمەوە، لە ئەنجامی کنەوپشکنینی تیمی هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری سۆران،

زانکۆی تۆتۆنۆمی بەرشەلۆنە و بەشی شوێنەواری زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، پاشماوەی شوێنەواریی چاخی بەردینی ناوەڕاست (١٥٠٠٠-١٠٠٠٠پ. ز.) لەم ئەشکەوتەدا دۆزرایەوە. ئەمە جگە لە دۆزینەوەی پارچە گڵێنەی سەردەمی نەینەوای پێنجەم (Nineveh V) لەم ئەشکەوتەدا بۆ پێنج هەزار ساڵێک لەمەوبەر دەگەڕایەوە، هەروەها گڵێنەی چاخی برۆنزی کۆتایی و سەردەمی ئیسلامیشی تێدا دۆزراوەتەوە (مۆلیست و ئەوانی تر، (٢٠٢٢)، ل.٢٤). هەروەها گڵێنەی سەردەمی میرنشینی سۆران و سەردەمی عوسمانیش هەر لەم ئەشکەوتە دۆزرانەوە. ( Kerig, Tim, et al., (2019), pp. 231-242).

هەروەها لە نزیک سرێشمە و لە سنووری لاگوندی جافرەکان، لە شوێنەواری جافرەکان تیمێکی هاوبەشی بەڕێوەبەرایەتیی شوێنەواری سۆران و زانکۆی هالەمارتن لۆتەری ئەڵمانی شوێنەواری قەڵا و پاشماوەی چەندین سەردەمی جیاواز دۆزرانەوە، لە نێویاندا شوێنەواری سەردەمی چاخی ئاسن، کاریگەریی ئورارتییەکان و ئاشورییەکان پێکەوە لەم ناوچەیەدا دەرکەوتوون (بۆ زانیاریی زیاتر دەڕواندرێتە: Beuger, et al., (2018), pp.45-88).

ئەم دەربەندانە لە چەندین تۆماری مێژوویی کۆن و سەرچاوەی گەڕیدە و مێژوونووس و جوگرافیاناسەکانی سەردەمی ئیسلامدا ناویان هاتووە. هەروەها باس لە چەتەگەری و ئێشکگری لە دەربەندەکانی ناوچەکەدا کراوە. (گەلاڵی و زاموا، (٢٠١٨)، ل ل. ١٢٧-١٥٩).

### مێژووی دۆزینەوەی گەنجینەکانی سرێشمە و وردەکارییەکەی

سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێین کە لەوەوپێش هیچ توێژینەوەیەک دەربارەی سلوکییەکان و سکەکانیان لەم ناوچەیەدا ئەنجامنەدراوە، و لەبەرئەوە ئەم توێژینەوەیە دەبێتە ڕچەشکێن لەم بوارەدا. دوابەدوای

هەواڵی دۆزینەوەی گەنجینەی سکەکانی سریێشمە لەلایەن هاوڵاتییانی لادێکەوە و بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی ڤیدیۆیی لە دەزگاکانی ڕاگەیاندندا کەوا نیشاندرا، کە دیمەنی ڤیدیۆیی سێ سکەی کانزایی شێوە بازنەیی، و چوار پارچە کانزای ڕەنگ زێڕینی لاکێشەیی کە لە سەر پارچە کاغەزێک داندرابوون، و ڕێکەوتی ٨-٦-٢٠٢١ی لەسەر نووسرابوو. پاش نیشاندانی ئەم دیمەنە، و لە تەنیشتی ئەم چەند پارچەکانزایەوە دوو فەردەی گەورە (شلیف)ی لە هاوشێوەی ئەو سکانە، هاوڵاتییان و کەناڵ و پێگەکانی ڕاگەیاندن لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەربارەی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە لێکدانەوەی جۆراوجۆریان وروژاند. هەر لەبەر ئەم هۆیانە و لەسەر فەرمانی وەزیری ناوخۆ، قایمقامیەتی قەزای سۆران ڕاسپێردرا بە پێکهێنانی لیژنەیەکی بەدواداچوون کە پێکهاتبوون لە (بەڕێوەبەری ناحیەی خەلیفان (سەرۆکی لیژنە)، نوێنەرێک لە بەڕێوەبەرایەتیی ئاسایشی سۆران (ئەندام)، و بەڕێوەبەری شوێنەواری سۆران وەک ئەندامی ئەم لیژنەیە بەشداربوون.

سەرەتا لەلایەن لیژنەکە بە شێوەی مەیدانی سەردانی شوێنی دۆزینەوەی سکەکان کرا، ئەم شوێنە لەلایەن خەڵکی گوندی سریێشمەوە پێی دەڵێن (کانی کەڕک)[١] کە دەکەوێت سنووری سریێشمە. لە پشکنینە سەرەتاییەکاندا لیژنەکە بۆی دەرکەوت کە ناوچەکانی نزیک لە کانییەکە و زەوییەکانی دەوروبەربەی شوێنەکە ناوچەیەکی شوێنەوارییە، چونکە لەو شوێنەدا پارچە گڵێنە و گۆزە بە پەرش و بڵاوی دەبیندران (ڕاپۆرتی بڵاونەکراوەی لیژنەکە، یەکێک لە توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە وەک شوێنەواری سۆران ئەندامی لیژنەکەبوو).

پاشان لیژنەکە بۆیان دەرکەوت کە هەواڵی دۆزینەوەی گەنجینەیەک لە سریێشمە و کانی کەڕک، هەواڵێکە لە چەندین هاوڵاتیی لادێکە و ناوچەکەوە پشتڕاستکراوەتەوە، کە دوو هاوڵاتیی خاوەن زەوی و خاوەن

شۆقڵ/حەفارەیەک دۆزیویانەتەوە، ئەوەبوو هەردوو هاوڵاتییەکە بەجیا بانگکران، کە یەکێکیان خاوەنی زەوییەکە بوو و خاوەنی شۆقڵیش بوو، لەگەڵ هاوڵاتییەکی تر کە خاوەنی حەفارە بووە و بۆ هەڵکەندنی زەویی دەوروبەری کانییەکە کاریان لەو شوێنەدا کردبووە، ئەوەبوو بە جیا وتەیان لێوەرگیرا، و هەردووکیان هەمان زانیارییان دەربارەی ڕووداوی دۆزینەوەی سکەکان گێڕایەوە کە بەم شێوەیە بوو:

"خاوەن زەوییەکە (ڕ. س. ڕ.) مامۆستای قوتابخانەی سرێشمە، ویستوویەتی شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵەکانی کە لە تەنیشت کانییەکە بووە بگوازێتەوە بۆ شوێنێکی تر، لەبەرئەوە هۆڵی پەلەوەرگەکە و تەویلەکەی تێکداوە، و لە ئەنجامدا لەگەڵ دەمی شۆقڵەکەدا کوپەیەک لەژێر زەویی شوێنەکە دەردەکەوێت، ژمارەیەک دراوی کانزایی تێدابووە. خاوەن موڵک و خاوەنی حەفارەکە (ع. ن. م.)، هەردووکیان ئەم دیمەنە دەبینن، و هەریەکە و بەشێک لە دراوەکان بۆخۆیان دەبەن.

پاش ماوەیەک ئەم دوو هاوڵاتییە بەویستی خۆیان و بە هاوکاریی لیژنەکە ٤٦٤ سکەیان ڕادەستی لیژنەی پەیوەندیدار کرد. (دەڕواندرێتە وێنەی ژمارە٥).




وێنەی ژمارە ٥: چەند نموونەیەک لە سکە دۆزراوەکانی سرێشمە. (فۆتۆ: توێژەر).

یەکێک لە توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە وەک ئەندامی لیژنەکە و نوێنەری بەڕێوەبەری شوێنەواری سۆران و تیمێکی ئەو بەڕێوەبەرایەتییە پشکنینیان بۆ شوێنی دۆزینەوەی سکەکان و دەوروبەری کرد، و ژمارەیەک ئامرازی بەردین و پارچە گۆزەی سەردەم جیاواز لە دەوروبەری کانییەکە و شوێنی دۆزینەوەی ئەو کوپە گڵێنەییەی کە سکەکانی تێدابوو دۆزرانەوە (دەڕواندرێتە وێنەی ٢-٤). لە نزیک ئەم شوێنەوارە، باخێکی هەنار کە بە کەڵەکە بەرد و تاشەبەردی گەورە شوورەدراوە، توێژەرانی ئەم توێژینەوەیە پێیانوایە کە لەوانەیە هەندێک لە تاشەبەردەکان تاشەبەردی ڕێککراون و لە تەلارێکی شوێنەوارییەوە هێندرابن و بۆ پەرژین و شورەی باخەکە بەکارهێندرابنەوە،

کنەوپشکنینەکانی داهاتوو وردەکاریی زیاتر دەربارەی ئەم ناوچەیە دەخەنەڕوو.



٢


٣


٤

وێنەکانی ٢-٤: دیمەنی کنەوپشکنین لە شوێنەوارى گەنجینەکەی سرێشمە. (فۆتۆ توێژەر).

**سەرچاوەی گەنجینەکەی سرێشمە:**

ئەوەندەی ئاگاداربین تا ئێستا لە هیچ شوێنەوارێکی جیهان ژمارەیەکی ئاوا زۆری سکەی سلوکی پێکەوە نەدۆزراوەتەوە، ئەمەش لە داهاتوودا گرنگی و ناوبانگێکی زۆر بەم گەنجینەیەی سرێشمە دەدات، بە تایبەت لە توێژینەوەکانی سکەناسیی سەردەمی سلوکی و پێگەکانی

داتابەیسەکانی توێژینەوە و شیکردنەوەی سکە سلوکییەکان و شوێنی بڵاوبوونەوەیان.

تا ئێستا هیچ شوێنێکی باشووری کوردستان نەخراوتە لیستی ئەو شوێنانەی کە سکەی سلوکییان تێدا دۆزرابێتەوە. هەرچەندە ئەمە واتای نەبوونی سکە و گەنجینەی تری سلوکی نییە، بەڵکو لە چەندین شوێن هەواڵی دۆزینەوەی سکەی سلوکی دراوە، بەڵام لەبەرئەوەی لە کنەوپشکنینەکاندا نەدۆزراونەتەوە و نەگەیشتوونەتە مۆزەخانەکان، لە ڕێگەی بازاڕەکانی قاچاخچێتییەوە، بە نرخێکی کەم لە دەستی خەڵکی ناوچەکە دەرهێندراون و بردراونەتە دەرەوەی نیشتیمان.(٢)

## هۆکارەکانی شاردنەوەی گەنجینەکەی سرێشمە لە کۆتایی سەردەمی سلوکییە یۆنانییەکاندا

دەتوانین چەند ئەگەرێک بخەینەڕوو، دەربارەی ئەو پرسە زانستییە مێژوویی و شوێنەوارییەی کە ئایا ئەم سکە سلوکییانە، بۆچی هەموویان پێکەوە وەک گەنجینەیەک لەناو کوپەیەکدا لە چاڵێکدا، و لەژێر تاشەبەردێکدا لە نزیک ئەم کانییەی سرێشمە هەڵگیراون و ماونەتەوە؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە لەبەرنەبوونی بەڵگی تۆمارکراو، و نەدۆزینەوەی نووسین لەگەڵ ئەم گەنجینەیەدا ناچارین چەند ئەگەرێک بخەینەڕوو:

یەکێک لە ئەگەرەکان ئەوەیە لەوانەیە گەنجینەکەی سرێشمە لەلایەن فەرمانڕەوایەکەوە لەو شوێنەدا هەڵگیرابێت، و کاتێک لە کۆتاییەکانی سەردەمی سلوکی، و دوای هێرشی ئەشکانییەکان بۆ سەرناوچەکە نەتواندراوە ئەم گەنجینەیە ڕزگاربکرێت و لەگەڵ خۆیانی ببەن، و کاتێک لە کۆتاییەکانی سەردەمی سلوکی، و دوای هێرشی ئەشکانییەکان بۆ سەرناوچەکە نەتواندراوە ئەم گەنجینەیە ڕزگاربکرێت، و لەگەڵ خۆیانی ببەن. بێگومان ئەم ئەگەرە بە دۆزینەوەی قەڵایەک یان تەلارێکی فەرمیی

ئەو سەردەمە پشتڕاست دەکرێتەوە، لە ئێستادا لەبەر نەدۆزینەوەی ئەو تەلارە ئەوە هەر وەک ئەگەر دەمێنێتەوە، و ئەم ئەگەرەشمان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە ئەنجامی توێژینەوەکەمان لەسەر سکە دۆزراوەکان بۆمان دەرکەوت کە سکەکان بۆ نۆ پاشای جیاوازی سەردەمی سلوکییەکان دەگەڕێنەوە، و بوونی سکەی پاشا (دیمیتریوسی یەکەم (١٦٢—١٥٠پ. ز.)) لەم گەنجینەیەدا کە کۆتا پاشای سلوکییەکان بووە کە لەم ناوچەیەدا دەسەلاتی هەبووە، و پاش ئەم ئەشکانییەکان لە ساڵی ١٣٨پ. ز.دا بە تەواوەتی ئەم ناوچەیە و بەشێکی زۆر لە مێسۆپۆتامیا و هەموو زاگرۆس دەخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، پێش گەیشتنی دەسەلاتی ئەشکانییەکان و کۆتاییهێنان بە دەسەلاتی دەوڵەتی سلوکی لەم ناوچەیەدا، بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە تەمەنی ئەم گەنجینەیە بۆ دەوروبەری ساڵی ١٣٨پ. ز. دەگەڕێتەوە، ئەو ساڵەی کە ئەشکانییەکان ناوچەکەیان لەژێر دەسەلاتی یۆنانییە سلوکییەکان دەرهێنا. (الهاشمي و الاحمد، ١٩٨٣، ١٤٣). لەگەڵ بوونی ئەم بەڵگەیەشدا، شاردنەوەی ئەم گەنجینەیە لەلایەن فەرمانڕەوایەکی سلوکییەوە لە سرێشمە لەوانەیە لەبەر نەبوونی بەڵگەی پێویست، لە ئێستادا تەنها وەک ئەگەرێک دەمێنێتەوە، تا بەڵگەی زیاتر دەردەکەوێت و ئەم بۆچوونە پشتڕاست یان ڕەتدەکاتەوە.

لەوانەیە گەنجینەکە موڵکی بازرگانێکی دەوڵەمەندی ناوچەکە یان شوێنێکی تر بووبێت، و لەبەر ئەو ڕووداوانەی کۆتایی سەردەمی سلوکی لە ناوچەکەدا یان بە هۆی ترس لە چەتەکانی دەرەبەندەکانی ناوچەکە، لەو شوێنەدا بۆ ماوەیەکی کاتی هەڵیگرابێت و شاردبێتییەوە، تا ئەوکاتەی کە مەترسییەکە ئەڕەوێتەوە، و دەتوانێت سکەکان دەربهێنێتەوە، بەلام ئەو بازرگانە دەوڵەمەندە ئەو دەرفەتەی بۆ نەڕەخساوەتەوە، و سکەکان تا دۆزینەوەیان هەر لەو جێگەیەدا ماونەتەوە. بێگومان چەتەکانی ناوچەکە هەم لە تۆمارە مێخییەکان و هەم لە تۆماری مێژوونووس و جوگرافیاناس

و گەڕیدەکانی سەردەمی عەباسیدا، هەروەک لە خاڵی دواتردا باسی دەکەین.

ئەگەر لە تۆمارە مێخییەکانی سەردەمی ئاشوریی نویَ(٩١١-٦١٢پ. ز.) بڕوانین، دەبین چەتەکانی ناوچەی کارگێڕی و سەربازی پەیامبەری کۆشک (Nagir-ekali) لە سنووری خۆرهەڵاتی وڵاتی کیرڕوڕی (هەریر)ەوە، چوونەتە دەربەندەکانی هەرێمی ئارزوخینا (ناوچەی چەمچەماڵ-ئاغجەلەر). (SAA 5 227). و هەروەها تۆمارەکانی جوگرافیناس و مێژوونووس و گەڕیدەکانی سەردەمی ئیسلامی و گەڕیدە ڕۆژئاواییەکان بڕوانین دەبینین کە ئەم دەربەندانەی نێوان ئەربیل (هەولێر) و ئازەربایجان (ئەترۆپاتێنیَ)، بە تایبەت دەربەندەکانی دەوروبەری سرێشمە لە نێوان هەریر و ڕواندزدا (شاری دەشت لە دەشتی هەریر و شاری خیپتون لە دەشتی دیانا)، زۆربەی کات، بە تایبەت کاتی لاوازیی دەوڵەت و شانشین و میرنشینەکانی ناوچەکە و نەمانی ئێشکگران (خەفارەت)ی شانشین و میرنشینەکان و ئێشکگرانی هۆزەکانی ناوچەکە. لەم کاتەدا چەتەکان لەگەڵ سەردەستەکانیاندا زۆربەی دەربەند، و پردەکانی پەڕینەوەی سەر ڕووبارەکانی ناوچەکەیان خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە، و باج و سەرانەیان لە کاروانە بازرگانییەکان وەرگرتووە. هەروەها ئاماژە بە باڵەکییەکان دەکات کە لە ناوچەی باڵەکایەتی خۆیان ئێشکگرییان دەکرد بۆ ئەوەی چەتەکان، کاروانچییەکان ڕووتنەکەنەوە، و سنووری باڵەکییەکانیش پارێزراو بێت، و بۆ ئەم مەبەست ئێشکگر (خەفارەت)انەیان وەردەگرت. (القلقشندي، ١٩١٩، ج٤، ص ص. ٣٧٥-٣٧٧; گەلاڵی و زاموا، (٢٠١٨)، ١٣٨-١٣٩).

لەوانەیە ئەم گەنجینەیە، گەنجینەیەکی شاراوەی چەتەکانی سەردەمی سلوکی بووبێت لەو ناوچەیەدا، و لەو شوێنەدا شاردبێتیانەتەوە، چونکە چەتەکان جگە لەوەی کە قەڵا و دەربەندەکانیان خستبووە ژێر ڕکێفی

خۆیانەوە، بەهەمان شێوەش لە جووڵەدابوون بۆ دەربەندە دوورەکان، یان کاتێک کە هێزی شانشین و میرنشینێک لەو ناوچەیەوە تێدەپەڕی و ئەوان توانای ڕووبەڕووبوونەوەیەیان نەبوو، لەوکاتەدا ناچاربوون بکشێنەوە و خۆیان لەناو چیا و دۆڵەکاندا بزربکەن، بۆ ئەم مەبەستەش دەبوو کەمترین بار و ئاژەڵ لەگەڵ خۆیان ببەن، و گەنجینەکانی تریان لە ئەشکەوت و قەڵا و نزیک کانی یان درەختە دیارەکان بشارنەوە، تا لە کاتی ڕەوینەوەی ترسی لەشکرەکەدا بە ئاسانی شوێنی گەنجینەکە بدۆزنەوە، جا لەوانەیە ئەم چەتانە قڕکرابن یان ئەو دەرفەتەیان نەبووبێت جارێکی تر بگەڕێنەوە بۆ ئەم شوێنە. جێی ئاماژەیە لە تۆمارە مێخییەکانی سەدەی هەشتەمی پێش زایندا دەربارەی جموجوڵی چەتەکانی ناوچەکانی دەربەندەکانی خۆرهەڵاتی ناوچەکانی نێوان ئاغجەلەر-چەمچەماڵ ئاماژە بە دەقێکی مێخی دەکرێت کە وەک نامەی کارگێڕی لەلایەن پارێزگاری شار و هەرێمی ئورزوخینا (کە شوێنەوارەکەی دەکەوێتە گردەکەی ژێر قەڵای سپی حەساری چەمچەماڵ) بۆ پاشای ئاشوری نێردراوە، لە نامەکەدا باس لە یەکگرتنی چەند دەستەیەک لە چەتە دەکات کە لە ناوچەکانی سنووری قەڵەمڕەوی نووسینگەی نامەبەری کۆشکی پاشای ئاشوری ناگیر-ئێککالی(*Nagir-ekali*)، هاتوون بۆ دەربەندەکانی ناوچەی ئارزوخینا (ئاغجەلەر-چەمچەماڵ) بۆ ئەوەی کە لەگەڵ چەتەکانی ئارزوخینا و شاری ئاراپخا (کەرکوک) کاری چەتەیی بکەن( SAA 5 227).

هەروەها لە کۆتایی سەردەمی عەباسییەکاندا و بە تایبەتیش لە دوای ڕووخانی دەوڵەتی عەباسی و هاتنی مەغۆلەکان بەشێکی زۆر لە دەربەندەکانی ناوچەکە کەوتنە دەست چەتەکان، ئەحمەد قەلقەشەندی لە سەدەی چواردەیەمی زاینیدا بە وردی باسی دەربەندەکانی ئەم ناوچەیە دەکات، و دەڵێت کە چەتەکان زۆربەی پرد و دەربەندەکانیان گرتبوو:

"دەربەندە گەورەکە/ الدربند الكبير(مەبەست لێی دەربەندەکانی گەلی عەلی بەگ) شوێنی تایفەیەکە پێیان دەوترێت شەهریە، بە چەتەگەری ناسراون، ئەوانە خەڵکانێکن ژمارەیان ناگاتە هەزار کەس و شاخەکانیان سەختە و کەس نایگاتێ و دەربەندەکەیان لە نێوان دوو شاخی زۆر بەرزدایە کە ئاوی ڕووباری زێی گەورەی پێدا دەڕوات." (القلقشندي، ١٩١٩، ج.٤، ص ٣٧٥).

ئەگەری ئەوەی سکەکان لە سەردەمی دواتردا بەکارهێندرابنەوە و مامەڵەیان پێوەکرابێت یان هەڵگیرابن:

تا سەرەتای سەدەی ڕابردووش بازرگانان و خەڵکی کورد نەک تەنها لیرەی عوسمانی، بەڵکو سکەی عەباسی و ڕۆم و سەردەمە کۆنەکانیشیان بۆ کڕین و فرۆشتن لە ناوچەکانی خۆیان بەکاردەهێنا، و تەنانەت کاتێک دەوڵەتی عوسمانی ڕووخا و لە جێگەی لیرەی عوسمانی، پارەی هیندی و جونەیهی ئیسترلینی، داپیرانمان لیرە زێڕ و زیوەکانیان کردە خشڵ و بۆ ڕازاندنەوەی سەروکلاو و وەک پشتێن و ملوانکەش بەکاریانهێنان. لە سەدەکانی ڕابردوودا خەڵکی کوردستان لە ناوچە شاخاوییەکان هەموو سکەیەکی کانزاییان بەکاردەهێنا بۆ مامەڵە تەنانەت ئەگەر سەردەمی سکەکەش بەسەرچووبێت، چونکە نرخە کانزاییەکەی بەهایەکی پێبەخشی بوو. ئەگەری بەکارهێنانی ئەم سکانە لە سەردەمی دواتردا ئەگەرێکی لاوازە، چونکە سکەکان و ئەو پارچە گڵێنانەی لەهەمان شوێن دۆزراونەتەوە هاوسەردەمن، و بۆ سەردەمی سلوکی دەگەڕێنەوە، واتە گەنجینەکە لەگەڵ ڕووخانی دەوڵەتی سەلوکیدا لەوێ شاردراوەتەوە.

بێگومان هەموو ئەم ئەگەرانەش بە کراوەیی دەمێننەوە تا بەڵگەی زیاتر بەردەستدەبن، و توێژینەوە و پشکنینە شوێنەوارییەکانیش بۆ گەڕانن بەدوای ساغکردنەوەی مێژوو و شارستانیی ناوچە و سەردەمە

جیاوازەکان و وەڵامدانەوەی پرسیارە زانستییەکان، و هەندێک پرسیش هەر بە گریمانەیی دەمێننە و توێژینەوەکانی داهاتوو ساغیدەکەنەوە.

## کۆتایی و ئەنجامەکان

کانی کەڕک لە سرێشمە، شوێنەوارێکی گرنگی ناوچەکەیە، و شوێنی دۆزینەوەی گەنجینەی سکە سلوکییەکانە.

ناوچەکە سەرەڕێگەی سەرەکیی کاروانە بازرگانییەکان و لەشکرکێشیی سوپاکان بووە.

سکەکان هەموویان بۆ سەردەمی سلوکی دەگەڕێنەوە، ئەو سکانەی تا ئێستا دەست لایەنە پەیوەندیدارەکان کەوتوون ژمارەیان ٤٦٨ چوار سەد و شەست و هەشت سکەن، دوای توێژینەوەی ورد لەسەر ئەم سکانە بۆمان دەرکەوت بۆ نۆ پاشای جیاوازی سلوکییەکان دەگەڕێنەوە، و لە مادەی زیو دروستکراون، و لە پشکنینی تاقیگەییدا بۆمان دەرکەوتووە ڕێژەیەکی زۆر بەرز 99.2% یان زیاتر لە زیو پێکهاتوون، و هەندێکیان ڕێژەیەکی زۆر کەم مەگنیسیۆم تێکەڵ بڕەکەیان کراوە، ئەمەش لەوانەیە پەیوەستبووبێت بە تەنگەژە ئابوورییەکانی سەردەمی هەندێک لە پاشا سلوکییەکان، وەک هەر سەردەمێکی تر گۆڕانکاری لە ڕێژەی زێڕ یان زیوی سکەکان دەکرا و بڕێک کەمتر دەکرانەوە.

سکەکان ئێستا لەلای حکومەتی هەرێم پارێزراون، و لە داهاتوودا لەگەڵ دروستکردنی مۆزەخانەی سۆران لەوێ نمایش دەکرێن.

ئێمە کنەوپشکنیمان لە شوێنی دۆزینەوەی سکەکان کرد، و بۆمان دەرکەوت لە ژێر تاشەبەردێکی گەورەدا لە نزیک کانییەکە

شاردراونەتەوە، هەروەها دیوارێکی لە بەردی نارێک لە تەنیشت تاشەبەردەکەوە دروستکراوە، نازانین ئەم لادیوارە مێژووەکەی بۆ سەردەمی شاردنەوەی سکەکان دەگەڕێتەوە یان بۆ سەردەمانی دواتر، لەم بارەوە پێویستمان بە زانیاریی زیاتر و تاقیگەیی دەبێت بۆ ساغکردنەوەیان.

ئێمەی توێژەر لە ئێستادا داتابەیسێکی وردمان بۆ گشت سکەکان کردووە، و لە داهاتوودا بەردەستدەبێت بۆ توێژەران و بڵاودەکرێنەوە.

خشتەی ژمارە ١: لیستی ئەو پاشایانەی سلوکی کە سکەکانیان لە گەنجینەکەی سرێشمەدا دۆزراوەتەوە. (ئامادەکردن و ساغکردنەوەی توێژەران).

**پەروێزەکان**

جێی ئاماژەیە کە ناوچەیەکی تری شوێنەواری لە دۆڵی ئالانە بەهەمان ناوی (کانی کەرک) هەیە، کە بە شێوەزاری خەڵکی ناوچەکە واتە کانی لێڵ دەدات. (توێژەران).

باوەدین کەریم مەولود، کە ئێستا پرۆفیسۆرە لە بەشی زمانی عەرەبی لە زانکۆی کۆیە، کاتی خۆی مامۆستای قوتابخانەی قۆڕیتان بووە، بۆیگێڕاینەوە کە لە ساڵی ١٩٨١ خەڵکی دێی شەوگێڕاوە مزگەوت نۆژەندەکەنەوە، و خەڵکی دەچن بەردی پاشماوەی بناغەیەکی تەلارسازی کۆن بە ناوی شوێنەوارێکی نزیک لادێکە دەهێنن (ناوی شوێنەوارەکە لای ئێمە پارێزراوە)، دوو هاوڵاتی کە بەردەکانی بناغەی تەلارەکانی ئەوێ هەڵدەکەنن، گۆزەیەک دەدۆزنەوە کە ٤٣ سکەی تێدا دەبێت. سکەکان پیشانی مامۆستا باوەدین دەدەن، ئەویش لەبەر باوردۆخی نالەباری

سیاسی و سەربازیی ئەوکاتە ناتوانێت سکەکانیان لێوەربگرێت، و بیبات بۆ مۆزەخانە، لەبەرئەوە ئەو دوو هاولاتییەی کە سکەکان دەدۆزنەوە، دەیبەنە کۆیە و تەقتەق و سکەکان دەفرۆشن، نازانین ئەو سکانە دواتر لە بازاڕەوە گەیشتوونەتە مۆزەخانەی عێراقی لە بەغداد یان ئاودیوی سنوورەکان کراون، بەپێی ئەو وەسفەی کە دکتۆر باوەدین بۆ سکەکانی دەکرد، دەبێت ئەو سکانەش سەلوکی بووبن، هەر لەنزیک ئەم شوێنەوارەوە، لە زەوییەکی کشتوکاڵیدا جوتیارێک پەیکەرێکی بەردینی خواوەند ئەفرۆدێت دەدۆزرێتە، و ئەوپەیکەرەش هەر نیشانی د. باوەدین دەدرێت، و دەیانەوێت بیدەن بە د. باوەدین وەک ڕێزێک بۆ مامۆستای لادێکەیان، بەلام ئەو ئامۆژگارییان دەکات کە بیدەنە دەست مۆزەخانە، هەرچەندە جوتیارەکە دەچێتە تەقتەق و لەوێ دەفرۆشرێت(چاوپێکەوتنی مەیدانی لەگەڵ پ. د. باوەدین کەریم مەولود (مامۆستای بەشی زمانی عەرەبی لە زانکۆی کۆیە) لە کۆیە لە ماڵی خۆیان لە گەڕەکی فیدڕاڵ، لە ڕۆژی ١٠ی ئایاری ساڵی ٢٠٢٢، لە کاتژمێر ٤-٥ی ئێوارە). هەر ئەم پەیکەرە بەردینەی ئەفرۆدێت دەبرێتە کەرکوک و لەوێ دەوڵەتی ئەوکاتەی عێراق لە هاولاتییەکانی دەکڕێتەوە، و دەگاتە مۆزەخانەی عێراقی لە بەغداد و دکتۆر (ئیسماعیل واثق) لە توێژینەوەیەکدا کە هەر هەمان ساڵ (١٩٨١) بلاویدەکاتەوە و لەبەرئەوەی نازانێت ناوی چییە، پێی دەڵێت ئەفرۆدیتەکەی کەرکوک (واثق (١٩٨٥)؛ هەروەها دەڕواندرێتە (Marf, (2022), pp.1-15).

## لیستی سەرچاوەکان:

### سەرچاوە کوردییەکان


- **گەلاڵی و زاموا، (٢٠١٨)،** شوێنەوارەکانی هەریر-رواندز-برادۆست لە تۆماری گەڕیدەکانی سەدەکانی ١١-١٩ز. "توێژینەوەیەکی مەیدانی و شیکارییە"، ئامادەکردنی: برادۆستی، زێدان و مارف، دلشاد عەزیز، پرۆسیدینگی دووەمین کۆنفرانسی زانستی نێودەوڵەتی شوێنەوار و کەلەپوری هەولێر، ٨-٩ی ئایاری ٢٠١٨، ل ل.١٢٧-١٥٩.

- غەفوری، ڕێزان قادر عەبدوڵلائاغا، کاردۆخیا و کۆردوێنێ لە سەرەتاوە تا سەدەی ٥ی زاینی، توێژینەوەیەکی سیاسی-شارستانییە، تاران.

- **مۆلیست، میکێل، و ئەوانی تر، (٢٠٢٢)،** ڕووپێوی شوێنەواری و کنەوپشکنین لە ئەشکەوتەکانی گەلی چناران، ئەشکەوتی چوارە،، شارەگوندی خەلیفان ئیدرارەی سەبرەخۆی سۆران، ڕاپۆرتی بڵاونەکراوەی تیمی هاوبەشی بەڕێوبەرایەتی زاشوێنەواری سۆران، زانکۆی سەلاحەدین و زانکۆی ئۆتۆنۆمی بەرشەلۆنە، ل ل. ١-٢٤.


### سەرچاوە عەرەبییەکان


- **اسماعيل، واثق، (١٩٨٥)،** "افروديت عبر التأريخ، تمثالان جديدان للالهة افروديت،" مجلة آفاق عربية، العدد ٢، ص ص ٦٢-٦٩.

- **باقر، طه، ٢٠١٢،** مقدمة في الحضارات القديمة، ج.١، بغداد.

- **الحموي، ياقوت، شهاب الدين ابي عبدالله، ياقوت بن عبدالله الحموي الرومي البغدادي، ١٩٧٧،** معجم البلدان، دار صادر، بيروت.

- **حنون، نائل، ٢٠٠٩،** مدن قديمة ومواقع أثرية، دراسة عن الجغرافية التاريخية للعراق الشمالي خلال العصور الآشورية، دمشق.
- **مالوان، ماكس، (٢٠٠١)،** حضارة فجر السلالات في العراق، ترجمة: كاظم سعدالدين، بغداد.
- **القلقشندي، ابو العباس، ١٩١٩،** صبح الاعشا في صناعة الانشا، ج٤. له سايتى المكتبة الشاملة وەرگیراوە: https://shamela.ws/book/9429
- الهاشمي، رضا جواد، و سامي سعيد الاحمد، ١٩٨٣ تاريخ الشرق القديم ايران و الاناضول، بغداد.

**ج. سەرچاوە بيانييەكان**

- **Beuger, Claudia, et al., (2018)**, "Archäologische Forschungen im nordwestlichen Zagros. Bericht zum Khalifan-Survey 2016–2017" Mitteilungen der Deutschen Orient-Gesellschaft zu Berlin MDOG 150, pp.45-88
  **Braidwood, et al., 1983,** Prehistoric Archeology Along the Zagros Flanks, Chicago.
- **Crompton, S. W., 2008**, *Cyrus the Great, Ancient World Leaders*, Chelsea House Publisher, USA.
- **Grainger, John, D., 2021,** The Rise of the Seleukid Empire (323-223BC Seleukos I to Seleukos III), Yorkshire-Philadelphia.

- **Grayson, A. K. 1991.** Assyrian Rulers of the Early First Millennium BC 1 (1114-859 BCE) (The Royal Inscriptions of Mesopotamia, Assyrian Periods II/I =RIMA II), Toronto – London.
- **Hoover, Oliver D., 2007,** Coins of the Seleucid Empire from the Collection of Arthur Houghton, China.
- **Kerig, Tim, et al., (2019),** "From Mound to Cave". Excavating for modeling economic landscapes in the Soran district, Iraqi Kurdistan," Paléorient, Vol. 45, No. 2, pp.231-242.
- **Lanfranchi, G. B. and S. Parpola, 1990**, The Correspondence of Sargon II, Part II: Letters from the Northern and Northeastern Provinces=SAA V., Helsinki.
- **Leo Overtoom, Nikolaus, 2020**, Reign of Arrows: The Rise of the Parthian Empire in the Hellenistic Middle East, Oxford University Press.
- **Levine, Louis D., (1973),** "Geographical Studies in the Neo-Assyrian Zagros: I," Iran, Vol. 11, pp. 1-27.
- **Marf, Dlshad A., (2022),** "Artistic Evidence on Hellenization in the Koya plain," A paper presented at the workshop: Kurdistan and the West:

Interaction between Kurdistan and the Greek World from Prehistory to the Middle Ages, Joint Workshop by the Greek Universities and the University of Sulaimani, at University of Sulaimani, May 25, 2022.

- **Marf, Dlshad, A., 2016,** Cultural Interactions between Assyria and the Northern Zagros. PhD dissertation, Leiden University.
- **Saggs, H. W. F., (1980),** “The Land of Kirruri,” Iraq, vol. 42/1, pp.79-83.
- **Thonemann, Peter, 2015** The Hellenistic World Using Coins as Sources, Cambridge.

**Sreshma Archaeological site and the Treasure of the Seleucid Coins**

**Abstract:**

North of Erbil, in the Khalifan district, is the Soran Independent Administration, which includes the settlement of Sareshma. The commerce caravans travelled via Sareshma and connected with the passes of Gal-i Ali Beg, Alana Valley, and Spilk thanks to its strategic location near multiple mountain passes.

The treasure of the Seleucid coins at Sreshma is the subject of this paper, which also tries to address some of the research questions related to it. It describes the treasure's discovery, the history of its Seleucid coins, and the number of Seleucid kings whose coins were discovered among its coins. Searching for connections between the historical events that led to maintaining and hiding the treasure among these passes in Sareshma.

Keywords: Srešma, Treasure, Seleucid Coins, Tetradrakham.

**موقع سريشمه الأثري وكنز العملات السلوقية**

**خلاصة:**

شمال أربيل، في منطقة خليفان، حيث توجد إدارة سوران المستقلة، والتي تضم مستوطنة سريشمة. سافرت القوافل التجارية عبر سريشمة وربطت بممرات كلي-علي بک، و آلانة، و سبيلک، بفضل موقعها الاستراتيجي بالقرب من ممرات جبلية متعددة.

كنز المسكوكات السلوقية في سريشمة هو موضوع هذا البحث، والتي تحاول أيضا معالجة بعض الأسئلة البحثية المتعلقة بها. بحث اكتشاف الكنز وتاريخ المسكوكات السلوقية المكتشفة وعدد الملوك السلوقيين الذين تم اكتشاف عملاتهم المعدنية بين مسكوكاتهم الفضية. و البحث عن ربط الأحداث التاريخية و الاسباب التي أدت إلى الحفاظ على الكنز وإخفائه بين هذه الممرات في سريشمة.

**الكلمات الدالة:** سرێشمة، كنز، المسكوكات السلوقية، تيترادراخما.